# فرۆنتپەیج بە کوردی

| | | |
|---|---|---|
| 2005-12-29 | دانانی پەڕگە لێدەرێکی دەنگ و ڕەنگ لە نێو پەڕەدا | نووسەر : ئاسۆ نادری |

## چاپکردن

هەبوونی لێدەرێکی پەڕگەی دەنگی یان ڕەنگی هەندێك جار پێویستە بۆ کار ئاسانکردنەوە بۆ میوانی وێبگە و پێویست نەکردن بە بەکارهێنانی لێدەری دەرەکی. بەڵام لەوانیە لەبەر هۆی دروست ڕێکنەخستنی ئەو لێدەرە هەندێك جار کێشە بۆ میوانی وێبگە دروست بکات، بە تایبەت لە کاتێکدا کە لێدەر بە شێوەیەکی دەستبەجێ پاش هاتنەژوورەوەی میوان بۆ وێبگە پەڕگە لێبدات، ئەوەش دەبێتە هۆی خاوکردنەوەی کردنەوەی پەڕە و هەندێك جار دەبێتە هۆی تێکشکانی وێبگەڕ.

لەم بابەتەدا چۆنیەتی دانانی لێدەری Windows Media Player شیدەکەمەوە، لەگەڵ چۆنیەتی ڕێکخستنی بە شێوەیەك کە کاریگەر نەبێ لەسەر خاوبوونەوەی کردنەوەی پەڕەکانی وێبگە.

پرۆگرامی Frontpage 2003 بکەوە، پاش برۆ بۆ لیستەی Insert و دواتر Web Component کرتە بکە، دەتوانی هەمان کار بە شێوەیەکی خێراتر جێبەجێ بکەیت ئەگەر کرتە لە ئایکۆنی Web Componenet بکەیت لەسەر تووڵی ئامرازەکان.




لەنێو ئەو پەنجەرەیەی کە دەکرێتەوە، Advanced Controls کرتە بکە، پاشان Active X Control لەبەشی دیکەی پەنجەرەکەدا.




بۆ بەردەوامبوون Next کرتە بکە.

لیستەیەك دەردەکەوێت بە هەموو ئەو Component ـانەی کە دەتوانرێ بەکار ببرێن، بەڵام باشتر وایە کرتە لەسەر Customize بکەیت و هەموو Component ـەکان دەربخەیت.

پاش کرتە کردنە سەر Customize پەنجەرەی هەڵبژاردنی Component ـەکان دەکرێتەوە،



دەتوانی هەموویان پێکەوە دەستنیشان بکەیت بۆ چالاك کردن، یان خۆت ئەوانەی دەتەوێ چالاکی بکەیت، هەڵی ببژێری.

لەوانەی کە دەبێ چالاك بکرێن، Windows Media Playerـە.

پاش هەڵبژاردن OK کرتە بکە بۆ گەڕانەوە بۆ پەنجەرەی تایبەت بە Componentـەکان.




Windows Media Player دەستنیشان بکە و Finish کرتە بکە.

پاشان دەبێنی کە لێدەرێکی چکۆلەی W M P لە پەڕەکەدا دەرکەوتووە.

پێویست دەکات سەرچاوەی پەرگەیەکەی بۆ هەڵبژێری، دەتوانی پەرگەیەك لەسەر دیسکی ڕەقی کۆمپیوتەرەکەی یان بەستەرێکی ئینتەرنێتی سەرچاوەکەی وەربگریت.

دووجار کرتە بکەسەر ئەو لێدەرە، پەنجەرەی تایبەت بە ڕێکخستنەکانی لێدەر دەکرێتەوە.




لە بەشی General دا، لە بەشی Source دا سەرچاوەی پەڕگە دەنگی یان ڕەنگیەکەت هەڵبژێرە.

لەبەشی Controls Layout دەتوانی شێوازی دەرکەوتنی لێدەرەکە هەڵبژێری، بۆ نموونە هەموو دووگمە و کۆنترۆڵکەرەکانی لێدان دەرکەون یان نەخێر!.

وەك لە سەرەتای بابەتەکەدا ئاماژەم پێداوە کە لێدانی پەڕگە لەگەڵ کردنەوەی پەرەدا و لە یەك کاتدا هەڵەیە و دەبێتە هۆی خاوبوونەوەی کردنەوەی پەڕە، هەرچەند ئەوە لە زۆر وێبگەی کوردیدا باوە و قەت گرنگی پێنەدراوە، بۆ ناچالاك کردنی لێدانی خۆکار، دەتوانی خاڵی Auto Start ناچالاك بکەیت.

بەو شێوەیە لێدەری Windows Media Player ت بە پێی ویست و پێداویستی خۆت ڕێك خست، دەتوانی لە کۆتاییدا OK کرتە بکە و بگەڕێیتەوە پەڕەی ئاسایی.

بۆ بینینی ئەنجامی کارەکەت Preview کرتە بکە.




کۆتایی.

http://fp.all4kurds.net فرۆنتپەیج بە کوردی